# ئەدەبی کوردی و بە جیهانیبوون

## (وردبوونەوە لە ئاستەنگەکانی ڕێگا و دیاریکردنی ئاسۆکانی بەردەمی)

**پ. د. یادگار لەتیف شارەزووری**
**(زانکۆی سەلاحەددین- کۆلێژی زمان)**

لەو کاتەوەی ئەدەب لە حەز و خولیا و دەردە دڵەوە، بوو بە ژانرێکی سەربەخۆ، پێش ئەوەی هێندە پەرەبسێنێت و هەنگاو بەرەو (تیۆریی ئەدەب) بهاوێژێت، وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ژیان و کۆمەڵگە و سیستمی بەڕێوەبردن تەماشاکراوە، ئەم ڕەهەندە قووڵە پڕ واتایە بە ڕوونی لەلای ئەفلاتوون لە کتێبی (کۆمار)دا کاری لەسەر کراوە.

ئەفلاتوون لەبەر کاریگەری ئەدەب لە سەر ژیانی تاک و کۆمەڵگە و لە چوارچێوەی پڕۆژەی دامەزراندنی (کۆمارێکی باڵا)، لە شیعر دەکۆڵێتەوە، سەرەتا بە سروشی خوداوەندی دادەنێت، پاشتر دەیبەستێتەوە بە ڕوانگە تایبەتەکەی کە خۆی لە (تیۆری جیهانی باڵادا) دەبینێتەوە، پاش ئەوەی جیهان بەسەر سێ بازنەی (جیهانی باڵا و جیهانی سێبەر- لاساییکردنەوە- و جیهانی هونەر) دابەش دەکات، دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە هونەر و ئەدەب بە سێ قۆناغ لە ڕاستییەوە دوورن، بە مەشەوە نەوەستا، بەڵکوو وتی هونەر بەرهەمی نەزانینێکی نەزۆکە و بە (وەهم) ناوی دەبات، بۆیە لە ڕوانگەی (تێگەیشتنی بۆ ڕاستی)ی ئەدەب و هونەر ناکاتە بەشێک لە پڕۆژەکەی (١).

ئەم ڕەهەندە بەشێوەیەکی دیکە لەلای ئەرستۆ ڕەنگ دەداتەوە، چونکە ئەرستۆ ڕوانگەی تێڕوانینی گۆڕی؛ ڕاستەوخۆ ئەدەبی بە جیهانی ژیان و بە خودی ئەدەبەوە گرێ دا، لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ دەرکەوتنەکانی ئەم دوو تێڕوانینە لە فۆرمی جیاوازدا بەرجەستە دەبن، لە هەندێک باردا ئەدەب بە فریادڕەس دادەنرێت، بە ڕەهەندە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە دەبەسترێتەوە و بە ڕزگارکەری مرۆڤایەتی دادەنرێت، وەک چۆن ئەم تێڕوانینە بە زەقی لەلای پەیڕەوکەرانی پرەنسیپی (هونەر بۆ کۆمەڵگەیە) و لەلای میتۆدی کۆمەڵایەتی و هەندێک لە ڕەخنەکارانی قوتابخانەی ڕەخنەی نوێی ئەمریکی و لەلای ڕەخنەکاری ئەدەبی هاوچەرخ (ڕیچێردز Richards) دەبینین (٢).

لە هەندێ باری تردا، ئەدەب وەک سروشتێکی زمانەوانی و جوانبینین و جوانیناسی تەماشا دەکرێت و بەدوور دەگیرێت لە هەموو ئەرکێکی

کۆمەڵایەتی، ئەم ڕەهەندەش بە ڕوونی لەلای فۆرمالیستە ڕووسەکان و پێکهاتە خوازەکان (البنیویة Structuralism) و (شێوازخوازەکان Russian Formalism) دەبینین(٣)، ئەم کێشمە کێشمە لە ڕەخنەی پاش تازەخوازیدا (پۆست مۆدێرن)، یان پاش پێکهاتە خوازیدا فراوانتر و ئاڵۆزتر دەبێت و لەلای (ڕەخنەی کولتووری – النقد الثقافي Cultural Criticism)، پاشان لەلای (ڕەخنەی پۆست کۆلۆنیالیزم Post-Colonial Criticism) ڕەنگدانەوەی زۆر قووڵی لێ دەکەوێتەوە.

لە بواری فیکر و فەلسەفەشدا ئەدەب؛ بە تایبەتی ڕۆمان ڕۆڵی کارای لە داکۆکیکردنی لە مرۆڤ و بەهاکانی هەبووە و لە هەمان کاتیشدا هەندێک جار کراوەتە ئامرازی فراوانخوازی و پاوانخوازی لەلای هێزی کۆلۆنیالیزمی، ڕۆڵی کاراشی لە چەسپاندنی چەمک و بیر و تیۆر و فەلسەفەکاندا بینیوە، بۆ نموونە فەلسەفەی هیچخوازی، یان نایالیزم (Nihilism) لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (ئیڤان تورگێنێڤ)دا بە ناونیشانی (باوکان و دایکان) کە لە ساڵی (١٨٦٢)دا بڵاوی کردەوە، ناسراو و چەسپا (٤).

لەم سەردەمی نوێخوازی و پاش نوێخوازی و پاش پاش نوێخوازیدا، ئەدەبی کوردی و تێڕوانین لێی لەم کێشمەکێشە دوو جەمسەرە بە دوور نییە، دەکرێت پانتایی نێوان هەردوو جەمسەرەکە بکرێتە گۆڕەپانی توێژینەوە و بابەتگەلی نوێی لەسەر هەڵبچنین، لە پێشی هەموویانەوە پرسی بە جیهانیبوونی ئەدەبی کوردی و تێپەڕاندنی سنووری ناوچەیی و بوون بە بەشێک لە بەرهەمهێنەرانی مەعریفە و ئەدەبی جیهانی.

ئەدەبی کوردی کەرەستەی فراوان بوون و



ئەفلاتوون

بە جیهانبوونی هەیە، سەرەکیترین کەرەستەی بەردەستی ئەدەبی کلاسیکی نووسراوی کوردییە کە لە سەدەی هەشتی کۆچییەوە بە شێوەزاری گۆرانی، پاشان ئەدەبی کلاسیکی کوردی بە کوردی سەروو و پاشتر ئەدەبی کلاسیکی بە کوردی ناوەندە، پاشتر ئەدەبی نوێ و هاوچەرخ بە ژانرە جیاوازەکانییەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەم ئەدەبە وەک کەرستەی بە جیهانیبوون لە هەندێک نموونەدا نەبێت، بۆ ئەم بوارە دەست نادات.

جگە لەمە دەرکەوتنی چاپخانە و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و وێبسایتە زانستییەکان و گۆڤار و پێگە ئەلیکترۆنییەکان کەرەستەیەکی دیکەی ئامادەیە، دەتوانرێت لە ڕێگەی پلانی کولتوورییەوە، سوودی زۆری لێ ببینرێت و دانایانە و زانایانە لە پێناوی بە جیهانیکردنی ئەدەبی کوردیدا وەگەڕبخرێت، لە ڕێگەی وەرگێڕانی دوو سەرە لە- بۆ سەر زمانی ئینگلیزی بە پلەی یەکەم و بۆ سەر زمانە زیندووەکانی دیکە بە پلەی دووەم، لەبەر ئەوەی لەسەردەمی باڵادەستی کۆلۆنیالیزمییەوە زمانی ئینگلیزی بووەتە زمانی باڵای زانستی و ئەدەبی

و فەرهەنگی، لە دەرگادانی بە جیهانیبوون، وا دەخوازێت بە توندی لە دەرگای زمانی ئینگلیزی بدرێت، بۆ ئەوەی بەرهەمەکەت، بۆ ئەوەی هونەر و ئەدەبەکەت، بۆ ئەوەی ڕەخنە و هزری بیرمەندانت بناسرێت و ببێتە سەرچاوەی لێوەرگرتن و پشت پێ بەستن، ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە هەموو بەرهەمێکی نووسراو بە زمانی ئینگلیزی بە پێز و بە هێزە، بەڵکوو جیهانیبوونی زمانەکە دەروازەیەکە بۆ بە جیهانیبوونی ئەو بەرهەمانەی پێی دەنووسرێن. لەم چوارچێوەیەدا (بینیدیک ڕیچێرد)ی نووسەری کتێبی (Reflections on the Origin and Spread of Nationalism) کە بەیەکێک لە کتێبە هەرە باش و سەرکەتوو و بەربڵاوەکان دادەنرێت، لەبارەی سەرکەوتنی کتێبەکەیەوە دەڵێت: یەکەمین هۆکاری گرنگی بەجیهانی بوونی ئەم کتێبەم، یان بڵاوبوونەوەی لە جیهاندا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە، کە ئێستا بە جۆرێک لە لاتینی پاش سەردەمی کڵێسا دادەنرێت و بووەتە زمانی باڵادەستی جیهانی. ئەگەر بهاتایە ئەم کتێبە لە (هانۆی) پایتەختی ڤێتنام، یان لە (تیرانا)ی پایتەختی ئەلبانیا دەرکەوتایە، کەس نەیدەناسی و لەناو لەبیرچوونەوەدا بزر دەبوو. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم ڕەهەندە دەڵێت: شەکسپیر (١٥٦٤ – ١٦١٦) کە بەزمانی ناوچەیی دەینووسی، بە هیچ شێوەیەک لەو بەر کەناڵەکە (English Channel) نەدەناسرا ئەگەر بێتوو زمانی ئینگلیزی پاش دوو سەد ساڵ نەبووایە بە زمانێکی کۆلۆنیالیزمی دیار، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە نابێت کتێب و بەرهەمی نووسراو بە زمانی خۆمان و بە زمانانی دیکەی ناوچەیی، بە چاوی کەم تەماشا بکرێت، تەنیا لەبەر ئەوەی بە زمانی ئینگلیزی نەنووسراوە (٥).

لە پێناو گەیشتن بەم ئامانجەی لەسەرەوە ئاماژەم بۆی کرد، ئەم توێژینەوەیە بەسەر شەش تەوەری سەرەکیدا دابەش کراوە:

**یەکەم: ناسنامەی ئەدەبی:**

نەبوونی زمانی ستاندەر و لێکەوتەی داخران و دابڕان، لەگەڵ دوو ئەدەبی سەرەکی و دوو ڕێنووسی سەرەکی (•) بە خۆیان و لێکەوتە خراپەکانیانەوە، گەورەترین ڕێگرن لەبەردەم یەک گوتاریی ئەدەبی کوردی و لە دەرگادانی بە جیهانیبوون، ئەوەی دەرهاویشتەکانی ئەم گرفتەی گەورەتر و مەترسیدارتر کردووەتەوە، نەبوونی داوودەزگای پاڵپشتیکەرە لە ئەدەب و فەرهەنگی کوردی بۆ بەجێ گەیاندنی کاری زانستییانە؛ سەرەتا لەسەر ئەدەبی کلاسیکی کوردی بە هەموو شێوەزارەکانییەوە، لەو ئەدەبە کوردییەی بە شێوەزاری گۆرانی لە سەدەی هەشتی کۆچی نووسراوە، تا دەگاتە ئەدەبی کلاسیکی نووسراو بە کوردیی سەروو، پاشان ناوەند. دواتر کارکردن لەسەر ناساندنی بە نەوەی نوێ و کردنی بە کەرەستەیەکی سەرەکی ناسنامەی نەتەوەیی و زمانەوانیمان. لەم قۆناغەدا (خۆناسی ئەدەبی کوردی لە ڕوانگە فراوانەکەوە) گرنگترین پرۆژەی مەعریفی و فیکرییە، پاشتر وەرگێڕانی زانستییانە بۆ ئەوەی بە گەلانی دەوروبەر و بە جیهانی ڕۆشنبیری بناسێنین.

لە دوای کارکردن لەسەر ئەدەبی کلاسیکی کوردی و تەرخانکردنی چەند وێب سایتێکی ئاست بەرز بۆ بڵاوکردنەوەی دەقەکانی و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانە جیاوازەکان، لەگەڵ ئەو توێژینەوە ڕەخنەییە زانستییانەی لەسەریان کراوە، هەنگاوی لەیەک نزیک کردنەوەی ئەدەبی

هەموو بەشەکانی کوردستان بە یەکتری دەست پێ دەکات، بەلایەنی کەمەوە لەم قۆناغەدا کارکردن لەسەر لەیەک نزیککردنەوەی ئەدەبی نووسراو بە کوردیی ناوەند و سەروو.

ئێمە تەنیا گرفتی دوو جۆرە نووسینی سەرەکیمان نییە، بەڵکوو گرفتی کەوتنە ژێر کاریگەریی سێ زمان و سێ فەرهەنگی ناوچەیی و دوو زمان و دوو فەرهەنگیی جیهانی هەیە، بزاڤی زانستی و ڕۆشنبیریی باشوور لە ژێر کاریگەریی زمان و فەرهەنگی عەرەبی و ئینگلیزیدایە، کەچی بزاڤی زانستی و فەرهەنگی ڕۆژهەڵات لە ژێر کاریگەریی زمان و فەرهەنگی فارسی و فەرەنسیدایە، بزاڤی زانستی و فەرهەنگی خۆرئاواش لە ژێر کاریگەری زمان و فەرهەنگی عەرەبی و فەرەنسیدایە، کەچی بزاڤی زانستی و فەرهەنگی باکوور لەژێر کاریگەری زمان و کولتووری تورکیدایە بە پلەی یەکەم، ئەمەش کارێکی وای کردووە سروشتی ژانرە ئەدەبییەکانمان و زمانی داڕشتن تێیاندا جیاواز بێت و لە بەکارهێنانی دەستەواژەکاندا جۆرێک لە نامۆبوون هەبێت. ئەم باڵادەستییە فەرهەنگییەی زمان و فەرهەنگی ناوچەیی و جیهانی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و فیکریدا فراوانتر و قووڵترە، فرەتر لەمە ئەم پەرتەوازەییە زمانی و ئەدەبییە، وای لە ئەدەبی کوردی کردووە، نەتوانێت لە دەرگای بە جیهانیبوون بدات و لە بری پێویستبوونی وەرگێڕان بۆ سەر زمانی بێگانان، پێویستیمان بە وەرگێڕان هەبێت لە کوردیی ناوەندەوە بۆ کوردیی سەروو و بە پێچەوانەوە.

**دووەم: فراوانی دنیابینی و دەوڵەمەندی پاشخانی فیکری ئەدەبی و ڕەخنەیی:**

ئەدەبی کوردی هاوچەرخ، سەرەڕای ئەوەی توانیویەتی جۆراوجۆری دەستەبەر بکات، لە دووتوێی ژانری شیعردا قەتیس نەمێنێت، لە ژێر کاریگەریی پێشکەوتنەکانی ئەدەبی جیهانی و کرانەوە و نەمانی سنووری جوگرافی لەبەردەم گەیشتنی مەعریفە و زانست و ئەدەبدا، بەڵام سەرەڕای ئەم کرانەوە مەزنە، نەیتوانیوە فرەڕەهەند بێت و لە دووتوێی چەند بابەتێکی دیاریکراو و فۆرمێکی دیاریکراو لە دەربڕین دەربازی بێت، ئەم کەموکورتییە باڵی بەسەر ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیشدا کێشاوە، کە وەک پێویست ئاگاداری گەشەسەندن و پێشکەوتنی زانستییانەی ڕەخنەی ئەدەبیی جیهانی نییە، پرسی میتۆد و شیکاری زانستی لەلای میتۆدە دەقییەکان و تەئویلی گرێدراو بە کاریگەریی وەرگر لەلای ڕەخنەی پاش دەقی، یان ڕەخنەی پاش مۆدێرنیزم، ونە، بابەتەگەلێکی ئامادە بەسەر ماستەرنامە و تێزەکان و زۆر لە کتێب و توێژینەوە ڕەخنەییەکانماندا زاڵە.

هۆکاری ئەم بەرتەسکییە بۆ تەسکی بواری خوێندنەوە و هەژاری پاشخانی فیکری و مەعریفی و ئەدەبی ئەدیب و ڕەخنەکاران دەگەڕێتەوە، لە دنیای ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی کۆن و نوێ لە گۆڕەپانی ئەدەبی و ڕەخنەی ناوچەیی و جیهانیدا، وەرچەرخانی ئەدەبی و ڕەخنەیی دیار و کاریگەر لەسەر دەستی ئەوانەدا ڕوویان داوە، کە خاوەنی پاشخانی مەعریفی و ئەدەبیی قووڵ بوون، ئاگایی زۆر باشیان لە کایە مەعریفییە جیاوازەکان هەبووە. بۆ نموونە ئەو شاعیرانەی لە ئەدەبی کۆنی عەرەبیدا توانیویانە وەرچەرخانی ئەدەبی ئەنجام بدەن، ئەوانە بوون کە دنیابینییان فراوان بووە و خوێنەری تینوو و مامۆستای بوارە مەعریفییەکانی سەردەمی خۆیان بوون، لە نموونەی شاعیرانی (بشار بن برد و أبو تمام و

أبو علاء المعري)، زۆریش لە زانا هەڵکەوتووەکانی بواری فەلسەفە و پزیشکی و تەفسیر و فیقھ و فەلەکناسی و بیرکاری شاعیری بەتوانست بوون، لە نموونەی (ابن سينا و الامام الشافعي و أبو علاء المعري و الزمخشري و محي الدين ابن عربي). بەهەمان شێوە؛ ئەو توێژەرانەی توانییان بەردی بناغەی ڕەخنەی عەرەبی کۆن دابڕێژن، ئەو ڕەخنەگرانە بوون، کە فرەڕەهەند و قووڵبیر بوون، لە نموونەی (ابن المعتز وقدامة بن جعفر، ابن قتيبة وقازي عبدالعزيز الجرجاني و عبدالقاهر الجرجاني وحازم القرطاجني وابن رشيق وأبو القاسم الآمدي والسجلماسي).

لە شیعری هاوچەرخی عەرەبیشدا، ئەوانەی توانییان شیعری نوێ و شیعری ئازاد لە ناو ئەدەبی عەرەبی نوێ و هاوچەرخدا بچەسپێنن، ئەو شاعیرانە بوون کە لە هەمان کاتدا بیرمەند و ڕەخنەگر بوون، وەک: (محمود سامي البارودي وأحمد شوقي وجبران خليل جبران وميخائيل نعيمة وإيليا ابو ماضي وعباس محمود العقاد وعبدالرحمن شكري وإبراهيم المازني وبلند الحيدري ونازك الملائكة وبدر شاكر السياب ومحمود درويش و ئەوانی تر).

پێشتریش لە ئەدەب و ڕەخنەی یۆنانی کۆندا، ئەرستۆی فەیلەسووف لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی ورد لەسەر ئەدەبی پێش و هاوچەرخی خۆی توانی تیۆرییە بەناوبانگەکەی لە کتێبی (هونەری شیعردا) دابڕێژێت، هەمان ڕێچکە لەلای زۆر لە تیۆرنووس و ڕەخنەکارانی ئەدەبی دەبینین، وەک (فرۆید)ی دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروون شیکاری، بەڵکوو زۆر لە شاعیران لە ڕێنیسانسەوە هەتا سەدەی نوێ و دەرکەوتنی ڕەخنەی زانستی، لە هەمان کاتدا ڕەخنەکاریش بوون، لە نموونەی (کۆلێردج) و(تی. سی. ئیلیەت) و (ئەزرا پاوەند) (٦).

لە ئەدەبی کلاسیکی ئەورووپیدا، ئەو ڕۆمانانەی توانیویانە وەرچەرخانی فیکری و کۆمەڵایەتی دروست بکەن، ئەوانەن نووسەرەکانیان فرەڕەهەند بوون، ئاگاداری تەواوی مەعریفە و فەلسەفە و ئەدەب و ڕەخنەی کۆن و نوێی سەردەمی خۆیان بوون، وەک ڕۆمانی (پامێلا Pamela / Virtue Rewarded)ی ڕۆماننووسی ئینگلیزی (صامویل ڕیچێردسن) کە لە ساڵی (١٧٤٠)دا بڵاوی کردەوە، هەروەها ڕۆمانی (جولی، یان ئیلویزی نوێ Julie, ou la nouvelle Héloïse)ی جان جاک ڕۆسۆ کە لە ساڵی (١٧٦١)دا بڵاوی کردەوە، هەروەها لە نموونەی ڕۆمانی (ئازارەکانی فیرتەری لاو Die Leiden des jungen Werthers)ی گوتێ کە لە ساڵی ١٧٧٤ بڵاوی کردەوە و لە نموونەی شانۆنامەی (دزەکان Die Räuber)ی فرەدریک فۆن چیلەر، کە لە ساڵی ١٧٨١ دا بڵاو کرایەوە و ساڵی ١٧٨٢دا لەسەر شانۆ نمایش کرا (٧).

لە ئەدەب و ڕەخنەی جیهانیی نوێ و هاوچەرخیشدا، ئەم ڕەهەندە کاراتر دەردەکەوێت، نووسەرێکی وەک (جان پۆل سارتر) پێش ئەوەی ڕۆماننووس بێت، بیرمەند بووە، ئەم تەرزە لەلای بیرمەند و ڕۆماننووسی هاوچەرخی فەڕەنسی (ڕیجیس دیبرێ Régis Debray)یش دەبینن. داڕێژەرانی ڕێبازە ئەدەبییەکان، هەموویان لە یەک کاتدا شاعیر و بیرمەند و داڕێژەری تیۆری بوون. هەموو ڕەهەند و هێڵی گشتی سیمیۆلۆژیا لە ڕۆمانەکانی (ئومبرتۆ ئیکۆ)ی توێژەری بواری سیمیۆلۆژیا و ڕۆماننووسی ئیتاڵی ڕەنگی داوەتەوە (٨). (ستانلی فیش)ی پسپۆڕی بواری یاسا و مامۆستای ئەدەبی ئینگلیزی و ڕابەری (ڕەخنەی هاتنە وەڵامی خوێنەر) لە کتێبی (هل

يوجد نص في هذا الفصل؟ سلطة الجماعات المفسرة) ئەوە دووپات دەکاتەوە دەقەکان بەبێ تیۆرەکان دەرناکەون، تیۆر کارایی خۆی هەیە و جۆرێکە لە جۆرەکانی بیرکردنەوە، ئامانج و یاسای خۆیشی هەیە، پێویستە هەڵبسەنگێنرێت (٩).

نەبوونی ئەم فرەڕەهەندییەو لاوازیی پرۆگرامەکانی خوێندنی بەرایی و باڵا و سەودانەکردن لەگەڵ کایەی فیکر و فەلسەفەدا لە بواری ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا لەلای چەند نووسەر و ڕەخنەکارێکی زۆر دیاریکراو نەبێت، دابڕانێکی گەورەی لەگەڵ ڕەوتی گەشەسەندووی فرەلایەنی ئەدەبی و ڕەخنەیی جیهانی دروست کردووە، وای لە بەرهەمە داهێنراوەکانمان و توێژینەوە ڕەخنەییەکانمان کردووە، تەنک بن، ئەمەش بێگومان دەبێتە هۆی خولانەوە لە بازنەیەکی داخراودا، تا بێت لە خۆسەپاندنی مەعریفی و ئەدەبی بەسەر ئەوی دیکەی ناوچەیی و جیهانیدا، دوورمان دەخاتەوە.

**سێیەم: گرنگیی وەرگێڕان و بەبازاڕناساندن:**

هەردەم وەرگێڕان دەروازەی کرانەوە و بەرەوپێشچوون بووە، هەموو پێشکەوتنێک سەرەتا لە وەرگێڕانەوە دەستی پێ کردووە، پێشکەوتنی فەلسەفەیی و زانستی یۆنان قەرزاری وەرگێڕانە لە سۆمەری و بابلی و میسرییەکانەوە، موسڵمانانیش لەسەرەتای دامەزراندنی پایەکانی ژیاری ئیسلامیدا، لە وەرگێڕان سوودمەندبوون، بە هەمان شێوە بوونی موسڵمانان لە ئەندەلووس — ئیسپانیا، دەرگای ڕووناکی زانست و مەعریفەی لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە بە ڕووی ڕۆژئاوای مەسیحیدا کردەوە، دنیای تاریکی ڕووناککردنەوە، لە چەقبەستووییەوە دەستی گرتن بۆ کرانەوە و بەرەوپێشچوون (١٠).

ئەگەر ئەمە بۆ ژیارەکان گرنگ بێت، ئەوە بۆ ئەدەبی نەتەوەیەکی پارچە پارچەکراوی بێ دەوڵەتی وەکوو کورد زۆر گرنگترە. ئەوەی تایبەت بێت بە ئەدەبی کوردی و ڕەوتی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییەوە؛ ئەوە دەرنەچوونی گۆڤاری تایبەت بە وەرگێڕانی زانستییانە لە زمانە زیندوو و نیمچە زیندووەکانی جیهانەوە، ئاستەنگێکی گەورەیە لەبەردەم کرانەوە و بەرەو پێشچوونی ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی، ئەم کارە بەر لەوەی بە نەبوونی پاڵپشتیی داراییەوە پەیوەست بێ، ئەنجامی هەژاریی زانستی و لاوازیی خوێندەوارییە و پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ئێمەی کورد، چ وەک تاک و جڤات و چ وەک دەسەڵات، هێشتا هیچ جۆرە پلانێکی دێژخایەنمان بۆ گەشەی ئەدەبی و فەرهەنگی نییە، کە بابەتی وەرگێڕان دەکەینە سەر باس و تەوەر و ئەوە دووپات دەکەینەوە کە خەمساردییەکی گەورە لە ناوەندە ئەکادیمییەکاندا بەرانبەر وەرگێڕانی زانستییانە هەیە، خەمساردییەکەش لەلای وەزارەتە بەرپرسەکان گەورەتر و مەترسیدارترە، ئەمەش وای کردووە خاوەنی تەنیا یەک گۆڤار سەبارەت بە وەرگێڕان نەبین؛ مەبەستمان گۆڤاری تایبەت بە بڵاوکردنەوەی دەقی وەرگێڕدراو نییە، بەڵکوو مەبەستمان گۆڤارێکە سەبارەت بە وەرگێڕان وەک زانست، یان هونەر، گۆڤارێک سەرنج بداتە بنەما و جۆرەکانی وەرگێڕان، ئاوڕ لە تیۆرییەکانی وەرگێڕان بداتەوە و تیشک بخاتە سەر ئاستەنگە جیاجیاکانی بەردەم وەرگێڕانە جیاوازەکان، گۆڤارێک کە لەسەر بەرچاوڕوونی زانستییانە و بە پلان بەرهەمی ئەدەبی و ڕەخنەیی جیهانی وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی (١١)..

لە گۆڤاریش گرنگتر؛ ئاسۆکانی گەشەسەندن و بە جیهانی بوونی ئەدەبی کوردی پێویستی بە بوونی داوودەزگای نیشتیمانی سەرتاسەری هەیە بۆ وەرگێڕانی دوو لایەنەی بەرهەمی داهێنەرانە و بەرهەمی فیکری و ڕەخنەیی و زانستی پەتی، لە زمانانی بێگانەوە بۆ سەر زمانی کوردی و بە پێچەوانەوە، ئەم کارە مەزنەش دەبێتە هۆی هێنانە ئارای تۆڕێکی ڕێکخراوی زاراوە و لە دایکبوونی زاراوەسازیی کوردی کە بێگومان ڕێگە بۆ هاتنەکایەی زمانی یەکگرتووی کوردی و ئەدەبی یەکگرتووی کوردی و ڕەخنە و فیکر و زانستێکی کوردی ڕێکخراو لە ڕووی زمانی دەربڕینەوە خۆش دەکات.

گرفتی وەرگێڕان لە فەرهەنگی کوردیی هاوچەرخدا تەنیا لە وەرگێڕان بۆ سەر زمانە زیندووەکانی جیهان کورت نابێتەوە، بەڵکوو گرفتەکە هێندە قووڵە لە ڕێی وەرگێڕانەوە نەبێت ناتوانین لە بەرهەمی شێوەزارەکانی دیکە تێ بگەین، بە تایبەتی بەرهەمی نووسراو بە کوردیی ناوەند، یان سەروو. لەم بوارەدا نموونەی سەرنجڕاکێشمان هەیە، وەک ئەو چالاکییە تاکەکەسییانەی بۆ بەرهەمی هەندێک نووسەر کراون و بۆ سەر زمانی فارسی و بۆ کوردی سەروو و لەوێشەوەی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەگێڕدراون. هەندێک لە نووسەران خۆیان ئەم کارە دەکەن، سەرەتا بەرهەمەکانیان بە عەرەبی، یان بە ئەو زمانە زاڵەی ئەمان لەناویدا دەژین، بڵاو دەکەنەوە، پاشان وەری دەگێڕن بۆ سەر زمانی کوردی، یان تەواوتر بڵێم بۆسەر کوردیی سەروو، یان ناوەند.

لەم ڕێڕەوەی باس و خواسەدا؛ دەتوانین نەبوونی خەڵاتی نیشتیمانی نووسین بە داهێنانی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی بخەینە پاڵ گرفتی وەرگێڕانی زانستی یەکگرتوو، بوونیشی بە کەشێکی فراوانی بەر ئاسۆی بە جیهانیبوونی ئەدەبی کوردی دابنێین.

**چوارەم: پلانی کۆمەڵایەتی بۆ زمان و ئەدەب:**

لە بنەمادا؛ پلانی کۆمەڵایەتیی زمان، مەبەستیەتی وشەکانی زمان فراوان بکات بۆ ئەوەی پێشکەوتنی بەردەوامی تەکنۆلۆجی و فەرهەنگی لە خۆ بگرێت و پێوەری بەکارهێنانی وشەکان و باری فۆنۆلۆژی و گرامەرییان بپێوێت، بۆ ئەوەی بتوانێت دەرەقەتی بەرەوپێشچوونی هەموو کایە داهێنانییەکان و زانستییەکان بکەوێت، هاوتەریب گەشە بە زمانی ئەدەبی و زانستی، تەنانەت بەکاربردنی ڕۆژانەش بدات (١٢).

بوونی دیاردەی خواستن لەناو لق و بەشە جیاوازەکانی زانستدا، بە زانستی پەتی و زانستە مرۆڤایەتییەکانیشەوە لەناویدا ڕەخنەی ئەدەبی، وای لە دامەزراوە زانستییە فەرمییەکانی جیهان کردووە داوودەزگای زانستی تایبەت بۆ دانانی ئەو زاراوانە دابمەزرێنن کە پێداویستی زانستی و ژیارییەکان پڕ دەکەنەوە (١٣)، هۆشیاری بە گرنگی ئەم کایە سەری کێشا بۆ دامەزراندنی (زاراوەسازی، یان زانستی زاراوە Terminology) لە سییەکانی سەدەی بیستەوە. پتر لەمە هۆکارێکی تر هەیە لە زمان و ئەدەبی کوردیدا، بە بەراورد بە زمان و ئەدەبی گەلانی دەروبەرمان بە پێویستبوونی دامەزراندنی دەزگای نیشتیمانی وەرگێڕان زیاتر دەکات، ئەویش بوونی فرەدیالێکتی و نەبوونی زمان، پاشان ئەدەبی یەکگرتووی کوردییە.

بوونی چەندان زار و دیالێکتیک لە هەر زمانێکدا کارێکی ئاساییە و بوونیشی، بوونێکی سروشتییە، بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی خاوەنی

چەند زار و شێوازێکە، هەروەها لە زمانی عەرەبیشدا هەمان دیاردە هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا هەردوو زمان و هەردوو ئەدەب جیهانین، بەڵام هەردوو زمانەکە زمانی ستاندەریان هەیە، ئینگلیزێکی بەریتانی و ئەمریکی و کەنەدی و ئوستورالی و باکووری ئەفریقی و سکۆتلەندی و ئێرلەندییەک هەموویان لە بازنەی زمانە ستانداردەکەدا کار و چالاکی زانستی و ئەدەبییان ڕادەپەڕێنن و بەرهەمیان بەیەک دەگات و گرفتی لێ تێنەگەیشتن و شێوە نووسینیان نییە (١٤). بە پێچەوانەی زمانی کوردییەوە کە ئەم دیاردە سروشتییە بووەتە مایەی گرفت بۆ بوارەکانی زانست و داهێنانی ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی و کارلێک کردن.

نەبوونی ئەنجوومەنێکی باڵای نیشتیمانی لێوەشاوە بووەتە هۆی ئەوەی ئەم کێشەیە پتر خەست بێتەوە، ئەوەی ئێستا بەرپایە ئەوەیە هەر دەزگایەکی ڕاگەیاندن و هەر نووسەرێک لە دیدگای خۆیەوە زاراوە دادەتاشێت و زمان بەکار دەهێنێت و کاری نووسین دەکات، وێڕای ئەمەش لە پارچەکانی کوردستاندا تەنیا ئاڕێشەی شێوەی نووسین بە پیتی ئارامی و لاتینیمان نییە، بەڵکوو لە هەندێک ناوچەی تردا ئاڕێشەی نووسینیشمان بە پیتی سلاڤی هەیە، سەرەڕای فرەشێوەزارییەکی زۆر لەیەک دوور، ئەمەش بۆ خۆی بەربەستە لە بەردەم بڵاوبوونەوەی ئەدەب و فەرهەنگی کوردی لەناو خۆدا کە کارێکی وا دەکات ئەدەبی کوردی بە خۆی نامۆبێت، چ جای ئەوەی بتوانێت لە دەرگای بە جیهانیبوون بدات، چونکە ئەگەر دیاردەی فرەزاری، شێوەزاری لە ئینگلیزی و عەرەبیدا دیاردەیەکی دروست و ساغڵەم بێ، لە کوردیدا پێچەوانەیە، لەبەرئەوەی کورد زمانێکی یەکگرتووی نییە کە هەموو کورد لەسەری کۆک بن و پێی بنووسن (١٥).

گشت ئەمانە کارێکی وادەکەن گرفت بۆ بواری فەرهەنگسازیش دروست ببێت، لەگەڵ ئەوەی مێژووی یەکەم فەرهەنگی کوردی بۆ زیاتر لە سێ سەدە دەگەڕێتەوە (*)، بەڵام تا ئێستا بە هۆی چەندان هۆکاری سیاسی و فەرهەنگی دژوارەوە نەتوانراوە فەرهەنگێکی فراوان دابنرێت، پشت بە زمانێکی یەکگرتوو ببەستێت و دەرگای واڵا بێت بۆ خواستنی وشە و دەستەواژە لە دیالێکتەکانی تر و کارئاسانی بۆ زمانێکی ستاندەر و ئەدەبێکی یەکگرتووی وەها بکات لەم سەری ڕۆژهەڵات بۆ ئەو سەری ڕۆژئاوا و لەم سەری باکوور بۆ ئەوسەری باشوور هەمووان بیخوێننەوە و توێژینەوەی زانستی لەسەر بکەن و ببێتە یادگەی گشتیمان.

زمان و ئەدەبە زیندووەکانی ئەمڕۆی دنیا خاوەنی دەیان فەرهەنگی هەمەچەشنن لە بوارەکانی زانست و وێژەدا، کار گەیشتووە بەوەی فەرهەنگی کاغەزی و ئیلیکترۆنی بۆ هەموو ئەدەبی کلاسیکی دابنرێت و بە دەنگ هەموو دەقە ئەدەبییەکان وشە بە وشە بخوێنرێنەوە، ئەمە وامان لێ دەکات بڵێین یەکێک لە پێداویستییە گرنگەکانی پەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردی، دانانی فەرهەنگی پێشکەوتووی کاغەزی و ئیلیکترۆنییە بۆ هەموو ئەدەبی کلاسیک و نوێ و هاوچەرخمان (١٦).

سوود وەرگرتن لە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی لە بواری فەرهەنگسازیی ئەدەبیدا یەکێکە لەو هەنگاوانەی پێویستە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم ئاستەنگەدا بنرێت. بۆ نموونە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد کە یەکێکە لە فەرهەنگە هەرە گرنگەکانی جیهان، بە هەردوو شێوەی کاغەزی و ئەلیکترۆنی لە

بەردەستە، بە ڕەنگ و دەنگ زانیاری پێشکەش بە خوێنەرانێکی زۆر لە سەرانسەری جیهان دەکات، نەک تەنیا واتا و زانیاری، بەڵکوو فۆنەتیک و چۆنیەتی خوێندنەوەی وشە و دەستەواژەکان ڕوون دەکاتەوە و ئەو حاڵەتە دەروونی و ناواخنییانە دەخاتە ڕوو کە بە نمایشکردن نەبێت، دەربڕین و گەیاندنیان بە وەرگر سەختە و ناتوانرێت واتاکانیان وەک پێویست بگەیەنرێت.

**پێنجەم: پەرەپێدانی گێڕانەوەی پێچەوانە (Counter narration) و کاراکردنی ڕەخنەیی پاش کۆلۆنیالیزمی:**

پێش ئەوەی پێناسەی گێڕانەوەی پێچەوانە بکەم، پێم باشە ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە ئەم تەرزە لەناو ئەدەبی کوردیدا زۆر بە دەگمەن لا بەلایدا کراوەتەوە، هەندێک هەوڵ لەلای ئەو نووسەرە کوردانە هەیە کە لەبەر ڕەوشی سیاسی و فەرهەنگی ئەو ناوچانەی لێی ژیاون، نەیانتوانیوە بە زمانی دایک بنووسن، دیارترین ئەو ڕۆماننووسە کوردانەی بە زمانی عەرەبی دەنووسن و ڕۆمانەکانیان دەکەونە بەرەی (گێڕانەوەی پێچەوانە، یان بەرپەرچدانەوە بە نووسین)، بریتین لە (زهدي الداودي و سليم بركات و جان دوست، (بەختیار عەلی)یش لە ناو ئەو ڕۆماننووسانەی بە زمانی دایک دەنووسن، هەندێک لە ڕۆمانەکانی بەشێکن لەم بوارە.

زاراوەی گێڕانەوەی پێچەوانە: یان (گێڕانەوەی پاش کۆلۆنیالیزمی- دژە گێڕانەوە- بەرپەرچدانەوە بە نووسین) ڕەگەزێکە لە ڕەگەزەکانی ئەدەب و ڕەخنەی پاش کۆلۆنیالیزم، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە بۆ پەنجاکانی سەدەی بیست دەگەڕێتەوە.

هاوکات لەگەڵ شەپۆلەکانی ئازادبوونی زۆربەی وڵاتانی داگیرکراو لەلایەن کۆلۆنیالیزمی بەریتانی و فەڕەنسایییەوە، هەستانەوەیەکی ئەدەبی لەسەر دەستی نەوەی موستەعمەرە پێشووەکان بەرپا بوو، لە نووسینەکانیاندا پێشوازییان لەم سەربەخۆییە کرد و لە ڕووداوەستانەوەی گوتاری کۆلۆنیالزمیدا بەشدار بوون.

گرنگیدان بەم ئەدەبە، بە تایبەتی لەم قۆناغەی من ناوی دەنێم بە (کۆلۆنیالیزمی ناوچەیی)، واتە ئەدەبی ئەو نەتەوانەی دابەش کران بەسەر ئەو وڵاتانەی لە پاش یەکەمین جەنگی جیهانی دامەزران و لەسەر دەستیان نەتەوەکانی دیکەی وەکوو کورد، تووشی زەوتکردنی زمان و ناسنامە بوونەوە. من ئەم قۆناغەم ناو ناوە قۆناغی کۆلۆنیالیزمی ناوچەیی.

نووسەر و ڕەخنەکارانی نەتەوە و گەلانی بندەستی کۆلۆنیالیزمی جیهانی ئەوسا بە وردی کاریان لەسەر (بەرپەرچدانەوە بە نووسین The Empire Writes Back، یان دژەگێڕانەوە Counter narration) کردووە، وەک ئەوەی لەلای نووسەرە عەرەب و هیندی و ئەفریکاییەکان بە ئاستێکی باش کاری لەسەر کراوە و گێڕانەوەی پێچەوانە بووەتە ڕوخسار و کرۆکی دیاری ئەم ئەدەبە نوێیە لەلای کۆمەڵە نووسەرێکی وەک (الطيب صالح)، بە تایبەتی لە ڕۆمانی (موسم الهجرة الى الشمال) و (عبد الرحمن منيف) لە ڕۆمانی (سباق المسافات الطويلة) و(سلمان رشدي)، بە تایبەتی لە ڕۆمانی (منداڵانی نیوەی شەو Midnight's Children) و (باتریشا گریس)، بە تایبەتی لە ڕۆمانی (منداڵێکی بێچاو) و (نیگۆگی واثینگۆ)، بە تایبەتی لە ڕۆمانی

(ڕووباری جیاکەرەوە The River Between)ی و (ئەتشینو ئەتشیبی)، بە تایبەتی لە ڕۆمانی (شتەکان بەسەریەکدا دەکەون).

لە بەرهەمی ئەم نووسەرانەدا کۆچی پێچەوانە دەست پێ دەکرێت، لە ناوەندەوە بۆ پەراوێز، لە ڕووی زەوتکردنی زماندا ڕاوەستاونەتەوە، کاریش کراوە لەسەر گەڕاندنەوەی وێنەی ڕاستەقینەی ژینگە و ناوچەکان، پێش ئەوەی دەستی داگیرکاری کۆلۆنیالیزمیان پێ بگات، لەگەڵ جەخت کردنەوە لەسەر بەکارهێنانی زمانی ناوچەیی بۆ نووسین و دووبارە دامەزراندنەوەی خود، وەک چۆن ئەمە لەلای (الطیب صالح) و نیگۆگی واثینگۆ دەبینین، بە تایبەتی دووەمیان، کە وازی لە نووسین بە زمانی ئینگلیزی هێناوە و بە زمانی کینیایی دەنووسێت و ناوی خۆی لە (جیمس)ـەوە کە ناوێکی مەسیحییە و بە بەرهەمی کۆلۆنیالیزمی دادەنێت، گۆڕیوە بۆ (نیگۆگۆی واثینگۆ)(١٧).

ئەدەبی کوردیی نوێ و هاوچەرخ و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هۆشیاریی پێویستیان لەسەر کارایی و زیندوویی ئەم جۆرە لە نووسینە نییە، وەک لایەنی داهێنان و ڕەخنەی زانستی؛ بۆیە پێویستە خۆمان لە هەرزەکاریی ئەدەبی و کاڵوکرچی ڕەخنەیی و دەستبردن بۆ تەوەر و بابەتی سواو دەرباز بکەین، لە دەرەوەی ئەو بازنە داخراوەی بۆ خۆمان دروست کردووە، بیر بکەینەوە و چالاکیی ئەدەبی و ڕەخنەیی ئەنجام بدەین.

**شەشەم: ئاسۆکانی بە جیهانیبوون:**

ئەو هەنگاوەی ڕێگەی بە جیهانیبوون لەبەردەم ئەدەبی کوردیدا خۆش دەکات بریتییە لە دابینکردنی کەرەستەکانی بە جیهانیبوون، لەسەرووی هەموویانەوە زمانێکی یەکگرتوو بۆ ئەدەب و فەرهەنگی نەتەوەییمان، چونکە زمانێکی یەکگرتووی پاڵپشتکراو لەلایەن دەوڵەتەوە، بنەمای سەرەکی بە جیهانیبوونی ئەو زمان و ئەدەبانە بووە کە ئێستا لە جیهاندا بە زمانی جیهانی و ئەدەبی جیهانی دادەنرێن(١٨). لەپاش ئەم هەنگاوە کرۆکییە، کاری زانستی پلان بۆ داڕێژراو و خۆ بۆ تەرخانکردن دەست پێ دەکات، بە دەرکردنی گۆڤاری تایبەت بە ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی کوردی بە زمانی کوردی و زمانەکانی وڵاتانی دراوسێ و زمانی ئینگلیزی و تەرخانکردنی داودەزگای کارای تایبەتمەند.

لە سەرتاسەری دنیادا تاکە یەک گۆڤار بە زمانی ئینگلیزی لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی دەرنەچووە و دەریش ناچێ، تا ئێستا زمانی کوردی بە هیچ شێوەیەک، واتە لە ڕواڵەتی هیچ نووسراوەیەکدا، وەک کتێب، وتار، یان ژورناڵ، لە سکۆپوسدا دەرنەکەتووە، تەنانەت یەک کتێب، یان یەک گۆڤار، یان یەک وتاری کوردی بە هەموو شێوەزارەکانەوە لە سکۆپوسدا نییە، بەم حاڵەوە ئەدەبی کوردی ناتوانێت لە دەرگای بە جیهانیبوون بدات و نووسەری کورد ناتوانێت لەسەر ئاستی جیهان ئەدەبەکەی بناسێنێت و خەڵاتی جیهانی بە دەست بهێنێت(١٩).

توێژینەوەی زانستییانە لەسەر ئەدەبی کوردی، لە چوارچێوەی میتۆد و زاراوە و چەمکەکانی ڕەخنەی نوێ و هاوچەرخ و بڵاوکردنەوەی لەو گۆڤارە زانستییانەی لە سکۆپوسدا تۆمارکراون، هەنگاوێکی کاریگەری دیکەیە. هاوکات لەگەڵ ئەم هەنگاوە گرنگەدا پێویستە گرنگی تەواو بە بڵاوکردنەوەی کتێبی ڕەخنەیی و فیکریی لەسەر

ئەدەبی کوردی بدرێت، لە کاری ئاست تەنک و لاواز و ڕەخنەی کەسیی سۆزخوازی، لە ڕێگەی سازدانی بەردەوامی چالاکی ناساندنیانەوە جیابکرێتەوە، لە دنیای خۆرئاوا، هەر کتێبێک دەردەچێت خێرا پاش بڵاوبوونەوەی (ڕیڤیۆ) دەکرێ، یان لانی کەم بە کورتیش بووە لەسەری دەنووسرێ، یان هەر هیچ نەبێ لە چەند دێڕێکدا دەناسێنرێ.

(بووک ڕیڤیۆ)، یان (ڕانانی کتێب) چ وەک نووسینی ژورنالیستی و چ وەک جۆرێک وتاری ئەکادیمیک، لە هەر دوو حاڵەتەکەدا خاوەنی قورسایی و پێگەی گرنگی خۆیەتی، ئەوانەی بە ئینگلیزی دەخوێننەوە باش دەزانن بە دەگمەن هەڵدەکەوێ کتێبێکی ئینگلیزی خێرا پاش بڵاوبوونەوەی (ڕیڤیۆ) نەکرێ، یان لانی کەم بە کورتیش بووە لەسەری نەنووسرێ، یان هەر هیچ نەبێ لە چەند دێڕێکدا نەناسێنرێ. (بووک ڕیڤیۆ)، یان ڕانانی کتێب، چ وەک نووسینی ژورنالیستی و چ وەک جۆرێک وتاری ئەکادیمیک، لە هەر دوو حاڵەتەکەدا خاوەنی قورسایی و پێگەی گرنگی خۆیەتی (٢٠).

سەبارەت بە ڕانانی کتێبی کوردی، دەبێ بڵێین مخابن لە خراپترین ئاستی خۆیدایە، ئەمەش تا ئەو ئاستەی دەکرێ بوترێ، بێجگە لە چەند نموونەیەک، هەر لە ئارادا نییە.

ئەگەرچی هەندێ هەوڵی باش لەم پێناوەدا لە گوتاری ڕۆشنبیری و ئەدەبیماندا دراوە، بەڵام لە گوتاری ئەکادیمیکی کوردستاندا سەرنجی نەدراوەتێ. هەر دوو ژانری وتاری (بووک ڕیڤیۆ) و نەخاسمە (ئارتیکڵ ڕیڤیۆ) لە زانکۆکانی کوردستان لە هەژاریدا دەژین، ئەمەش یەکێکە لە خاڵە زەقە لاوازەکانی چالاکیی ئەکادیمیک لە کوردستاندا. لاوازیی ڕانانی کتێب لای ئێمە گرێدراوی کۆمەڵێ هۆکاری ترە وەک بێ بازاڕی کتێب و کەمی ڕێژەی خوێندنەوە و بەدامەزراوەیی نەبوونی ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب، لەگەڵ نادروستبوونی سیاسەتەکانی وەگەڕخستنی خوێندنەوەی کتێب و خراپیی باری ئابووری و(٢١) نەبوونی کتێبخانەی گەورەی سەرنجڕاکێشە لەسەر ستاندەری جیهانی، کتێبخانەکانمان بە باڵەخانەوە، بە سیستمی کارکردن و خواستن و پەیداکردنی تازەترین سەرچاوەی زانستی و ئەدەبی سەردەم، لە هەژارترین دۆخدایە.

ئەم کارە لە ڕۆژئاوادا بە وردی لە سەدەی هەژدەوە کاری لەسەر دەکرێت، بۆیە پێویستە ئەم هۆشیارییە لە کایەی ڕۆشنبیریی کوردیدا زۆر بە هەند وەربگیرێت، بە ڕێکخراوەیی و لە ئاستی زانستی و ئەکادیمیی باڵادا کار لەسەر ناساندنی بەرهەمی نوێی ئەدەبی (هەموو ژانرەکان) و بەرهەمی نوێی ڕەخنەیی بکرێت، لە ڕێگەی تەرخانکردنی ڕووبەرێکی باش لە گۆڤارە تایبەتمەندەکان و سازدانی کۆڕی ناساندنی زانستیانە و دیمانەی میدیایی بە ئاستە جیاوازەکانییەوە. لە ئاستی پرۆگرامەکانی خوێندن لە پەیمانگە باڵاکان و زانکۆکاندا تا ئێستا لای لێ نەکراوەتەوە، تا ئێستاش بۆشاییەکی گەورەمان لەم بوارەدا هەیە و نەمانتوانیوە (بووک ڕیڤیۆ، یان ناساندن و توێژینەوەی کرداری لەناو هۆڵەکانی خوێندندا) بکەینە ماددەی چەسپاوی زانکۆیی- زانستی، ئەمەیش وای کردووە، نەک خوێنەری ئاسایی، بەڵکوو زۆر لە پسپۆڕانی بواری ئەدەب و ڕەخنەی کوردیش ئاگاداری بەرهەمی چاپکراوی نوێ نەبن، بەڵکوو زۆربەمان ناوی تەواوی شاعیر و ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و توێژەرە هاوچەرخەکانمان نازانین.

زۆر پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە پلەی یەکەم و وەزارەتی پەروەردە بە پلەی دووەم لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بیر لەم پرسە گرنگەی گوتاری فەرهەنگی و ئەدەبی بکەنەوە، لە پلانەکانیاندا بیچەسپێنن. بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی وەزارەتی ڕۆشنبیری تا ئێستا نەیانتوانیوە حەفتەنامە، یان گۆڤارێکی تایبەت بە ڕانانی کتێبی کوردی دەربکەن، تەنانەت ئەوان نەیانتوانیوە سایتێک بۆ ئەم بابەتە دروست بکەن (٢٢)..

ئەوەی هەیە و کراوە لە بواری (ڕانانی کتێب) چالاکی تاکییە، بۆیە پێویستە ئەم ترووسکاییەی کە هەیە گەش بکرێتەوە و پەرەی پێ بدرێت، وەک ئەو کارەی ماڵی کتێبی کوردی لە سنە و گۆڤاری (ڕامان) لە هەولێر دەیکەن بۆ ناساندنی چاپکراوی نوێ، بۆ ڕەچاوکردنی بواری پسپۆڕییەکەی، بە تایبەت لەلای ماڵی کتێبی کوردی.

لەپاڵ ئەمەی باس کرا، گرنگیدان بەم دوو چالاکییەی خوارەوە ئاسۆکانی بەردەم ئەدەب و فەرهەنگی کوردی فراوانتر دەکات:

١- تاودانی بزاڤی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن و سازدانی وۆرک شۆپ و کۆنفراسی ساڵانە.

٢- دروستکردنی کتێبخانەی هاوچەرخ لە ناو کۆلیژ و پەیمانگە و شارەکاندا، بە شێوەیەک کە لە ڕووی ژینگەوە سەرنجڕاکێش بێت، هۆڵەکانی خوێندنەوە و لە خۆگرتنی چالاکی ڕۆشنبیری هەمەلایەنە و زانستییانە بێت.

**سەرچاوەکان:**


١- أسس الفلسفة، د. توفيق الطويل، مكتبة نهضة مصر، القاهرة، ط ٣، ١٩٥٨.

٢- اعترافات روائي ناشيء، أمبرتو إيكو، ترجمة: سعيد بنگراد، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء – المغرب، ط ١، ٢٠١٤.

٣- الجماعات المتخيلة تأملات في أصل القومية وانتشارها، بندكت أندرسن، ترجمة: ثائر ديب، تقديم: عزمي بشارة، شركة قدمس للنشر والتوزيع، بيروت – لبنان، الطبعة الأولى، أيلول ٢٠٠٩

٤- جمهورية أفلاطون، تأليف أفلاطون، ترجمة: حنا خباز، مؤسسة الهنداوي، القاهرة، ط ١، ٢٠١٧.

٥- حضارة العرب، غوستاف لوبون، ترجمة: عادل زعيتر. مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة، القاهرة، مصر، ٢٠١٢.

٦- ڕانانی کتێبی کوردی، بەختیار سەجادی، https://www.facebook.com/bakhtiar.sadjadi?__cft__[0]=AZVKuz8yuIMblFEI-zufcUj75Qf2ZtNxxnNRgd3Bz8xZO5b-mqv16FYiVwBVhzBgAzhrxWaWviNP-P7QnJWFwRejTqiChs0BioL6f-FOHFe-hRB-jBvrV_DjSRf_O8D6fYay-APzXVBDogq_yAarDqXeWO03B&__tn__=-UC%2CP-R

٧- الرسيس والمخاتلة خطاب ما بعد الكولونيالية في النقد العربي المعاصر – النظرية والتطبيق.

٨- د. رامي أبو شهاب، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت – لبنان، ط٢، ٢٠١٤.

٩- زمانناسی و هەندێک بابەتی زمانناسی کوردی، سەلام ناوخۆش بەکر، کتێبفرۆشی سۆران – هەولێر، زنجیرە (١٨)، (ب.س).

١٠- العقيدة والعلم وحدة الدين الأوروبي وعلم الطبيعة، زيجريد هونكي، ترجمة وتقديم محمد أبو حطب خالد، المجلس الأعلى للثقافة،

ط ١، ٢٠٠٧.

١١- العقيدة والمعرفة، المستشرقة الألمانية زيغريد هونكه، ت: عمر لطفي العالم، دار قتيبة، بيروت لبنان، ط١، ١٤٠٧ هـ - ١٩٨٧ م.

١٢- فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی، ڕۆژان نوری عبد الله، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٣- فن الرواية، كولن ولسن، ت: محمود درويش، الدار العربية للعلوم ناشرون، بيروت - لبنان، ط١، ١٤٢٩هـ - ٢٠٠٨م.

١٤- اللغة وعلم النفس - دراسة للجوانب النفسية للغة، د.موفق الحمداني، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، بغداد، ١٩٨٢.

١٥- مشكلة البنية أو أضواء على البنيوية، د. زكريا إبراهيم، مكتبة مصر، مصر، ١٩٧٧.

١٦- مناهج النقد الأدبي بين النظرية والتطبيق، ديفيد ديتشس، ترجمة: د. محمد يوسف نجم، مراجعة: د. إحسان عباس، دار صادر للطباعة والنشر، بيروت – لبنان، ط٢، ٢٠٠٧.

١٧- النقد الأدبي الحديث، د. محمد غنيمي هلال، دار العودة – بيروت، ١٩٩٧.

١٨- هل يوجد نص في هذا الفصل – سلطة الجماعات المفسرة، ستانلي فيش، ت: أحمد الشيمي، مراجعة: محمد بريري، المجلس الأعلى للثقافة-القاهرة، ط١، ٢٠٠٤.

**پەراوێزەکان:**

(١) جمهورية أفلاطون: ٥٣٩.

(٢) مناهج النقد الأدبي: ٤٥ و٢١٨.

(٣) مشكلة البنية: ١٨ و٢٣.

(٤) بڕوانە: Philosophy nihilism ، https://www.britannica.com/topic/nihilism. لە پێگەی https://www.britannica.com/.

(٥) الجماعات المتخيلة تأملات في أصل القومية وانتشارها: ٣٤.

(•) پێش ئەوەی (کەمال ئەتاتورک)ی دامەزرێنەری کۆماری تورکیا نووسین بە پیتی عەرەبی لا ببات و پیتی لاتینی بەسەر گەلانی ناو کۆماری تورکیادا بسەپێنێت، بە مەبەستی سڕینەوەی ناسنامەی ئیسلامی لە وڵاتەکەیدا، نەتەوەی کورد لە هەموو شوێن و پارچەکاندا ئەدەب و نووسینەکانیان بە ڕێنووسی پشت بەستووبوو بە پیتی عەرەبی بوو، بەڵام لەپاش ئەم هەنگاوەوە، ئەدەب و فەرهەنگی کوردی دووچاری دابڕانێکی دیکەی قووڵ بووەوە. بڕوانە: الجماعات المتخيلة تأملات في أصل القومية وانتشارها: ٧٩.

(٦) اعترافات روائي ناشيء: ٤٩ - ٥١.

(٧) فن الرواية: ٣٤ – ٤٥.

(٨) النقد الأدبي الحديث: ١٢.

(٩) هل يوجد نص في هذا الفصل؟ سلطة الجماعات المفسرة: ١١٧.

(١٠) العقيدة والمعرفة : ١٠٣ – ١٠٧) و العقيدة والعلم وحدة الدين الأوروبي وعلم الطبيعة: ٢٥ و (أسس الفلسفة: ٢٧ و٣٠ و ٣٧ و حضارة العرب: ٣٠ و ٤٧٢).

(١١) ڕانانی کتێبی کوردی، بەختیار سەجادی، https://www.facebook.com/bakhtiar.sadjadi?__cft__[0]=AZVKuz8yuIMblFEI-zufcUj75Qf2ZtNxxnNRgd3Bz8xZO5b-mqv16FYiVwBVhzBgAzhrxWaWviNP-P7QnJWFwRejTqiChs0BioL6f-FOHFe-hRB-jBvrV_DjSRf_O8D6fYay-APzXVBDogq_yAarDqXeWO03B&__tn__=-UC%2CP-R

(١٢) بڕوانە: اللغة وعلم النفس:٢٣٧.

(١٣) بڕوانە: هەمان سەرچاوە:٢٣٧.

(١٤) بڕوانە: زمانناسی و هەندێک بابەتی زمانناسی کوردی:٩٣.

(١٥) بڕوانە: هەمان سەرچاوە:٩٤.

(*) فەرهەنگی نەوبەهاری ئەحمەدی خانی یەکەمین فەرهەنگی کوردییە، لە ساڵی ١٠٩٤ کۆچی بەرانبەر ١٦٨٢-١٦٨٣ز دانراوە.

(١٦) بڕوانە: فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی:٢٩٣.

(١٧) - الرسيس والمخاتلة: ٢٣ -٥٠.

(١٨) بڕوانە: الجماعات المتخيلة تأملات في أصل القومية وانتشارها: ١٠٥ – ١٠٧.

**(١٩) ڕانانی کتێبی کوردی، بەختیار سەجادی،**
https://www.facebook.com/bakhtiar.sadjadi?__cft__[0]=AZVKuz8yuIMblFEI-zufcUj75Qf2ZtNxxnNRgd3Bz8xZO5b-mqv16FYiVwBVhzBgAzhrxWaWviNP-P7QnJWFwRejTqiChs0BioL6f-FOHFe-hRB-jBvrV_DjSRf_O8D6fYay-APzXVBDogq_yAarDqXeWO03B&__tn__=-UC%2CP-R

**(٢٠) ڕانانی کتێبی کوردی، بەختیار سەجادی،**
https://www.facebook.com/bakhtiar.sadjadi?__cft__[0]=AZVKuz8yuIMblFEI-zufcUj75Qf2ZtNxxnNRgd3Bz8xZO5b-mqv16FYiVwBVhzBgAzhrxWaWviNP-P7QnJWFwRejTqiChs0BioL6f-FOHFe-hRB-jBvrV_DjSRf_O8D6fYay-APzXVBDogq_yAarDqXeWO03B&__tn__=-UC%2CP-R

**(٢١) ڕانانی کتێبی کوردی، بەختیار سەجادی،**
https://www.facebook.com/bakhtiar.sadjadi?__cft__[0]=AZVKuz8yuIMblFEI-zufcUj75Qf2ZtNxxnNRgd3Bz8xZO5b-mqv16FYiVwBVhzBgAzhrxWaWviNP-P7QnJWFwRejTqiChs0BioL6f-FOHFe-hRB-jBvrV_DjSRf_O8D6fYay-APzXVBDogq_yAarDqXeWO03B&__tn__=-UC%2CP-R

**(٢٢) ڕانانی کتێبی کوردی، بەختیار سەجادی،**
https://www.facebook.com/bakhtiar.sadjadi?__cft__[0]=AZVKuz8yuIMblFEI-zufcUj75Qf2ZtNxxnNRgd3Bz8xZO5b-mqv16FYiVwBVhzBgAzhrxWaWviNP-P7QnJWFwRejTqiChs0BioL6f-FOHFe-hRB-jBvrV_DjSRf_O8D6fYay-APzXVBDogq_yAarDqXeWO03B&__tn__=-UC%2CP-R

**سەرنج:**

کورتەیەکی ئەم نووسینە لە فیستیڤاڵی ڕامان، ڕۆژی ٢٠٢٣/١١/٣٠، لە پانێڵی ئەدەب و سیاسەتی کولتووری پێشکەش کرا.

**(ڕامان)**